# کوردناسی

م شیلان عثمان

٢٠٢٢–٢٠٢٣

# جوگرافیای کوردستان

## شوێنی جوگرافیا

### 1 – شوێنی جوگرافیا سەبارەت بە بازنەی پانی و هێڵی درێژی:

دیاریکردنی شوێنی جوگرافیا و دیاردە جوگرافییەکان، بریتییە لە بازنەکانی پانی و هێڵی درێژی، ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانی گەورەوە هەیە، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (34-49) باکوور و هەردوو هێڵی درێژی (37-46) ڕۆژهەڵات

# 2 – شوێنی جوگرافیایی کوردستان سەبارەت بە وڵاتانێ دەوربەر:

- کوردستانی گەورە بەپێی رووپێوی دەکەوێتە چوارچێوەی کیشوەری ئاسیا، بە جۆرێ لەگەڵ چەند وڵاتێك هاوسنوورە :

- وڵاتانی تورکیا و ئەرمینیا لە بەشی باکوور
- لە بەشی ڕۆژئاوایی وڵاتانێ عێراق و سوریاو تورکیا
- بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەوە بانی ئێرانی سنووری ئەم بەشەیە
- ئەوەی ماوە سنووری باشووریەتی کەوا هاوسنوورە لەگەڵ هەر یەك لە وڵاتانی ئێران و عێراق.

# ڕووبەری کوردستان

بیروبۆچوونی جیاواز، سەبارەت بە ڕووبەری هەرێمی کوردستانی گەورە هەن، گومانی تێدا نییە جیاوازییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەیی، ئێمە دەتوانین دوو جۆر لە نرخاندنی ڕووبەری کوردستانی گەورە بەدی بێ بکەین کە لەسەر بنچینەی دیاریکردنی ئەو ناوچانەی دەکەونە ناو سنووری کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ ئەو نووسەرانەی پشت دەبەستن بە نەخشەی ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی:-** کۆمەڵێ زۆر لە نووسەرەکانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە نرخاندنی ڕووبەری کوردستانی گەورە نەخشەکانی ئەم ئەنسکلۆپیدیایە بەکاردەهێنن وەك سەرچاوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕووبەری کوردستان وەك توێژەر (ل. رامبوات) (L.Rambowt) لە توێژینەوەکەی کە ساڵی 1942 لەسەر کوردی نوسیووە ڕووبەری کوردستانی گەروەی بە نزیکەی (530000) کم2.

**دووەم/ ئەو نووسەرانەی پشت بە نەخشەی کۆمەڵەی کوردی لە بیروت دەبستن:-** ئەم نەخشەیە پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە لە ساڵی 1945، لەو نووسەرانەی کە ڕووبەری کوردستانی گەورەیان لەسەر ئەم بنچینەی دەست نیشان کرد بوو ((د.عبدالرحمن قاسملۆ)) هەروەها سەنتەری توێژینەوەی کوردی لە پاریس لە ساڵی 1949 ڕووبەری کوردستانی گەورەیان بە نزیکەی (500000)کم 2.

# بەرزی و نزمی سەرڕووی زەوی کوردستان:

بەشیوەیەکی گشتی سەر زەوی لەرووی دیاردەکانی بەرز و نزمییەوە ڕەنگدانەوەی هێزە کاریگەرییە و ناوەکی و دەرەکیەکان کە تووشی توێکلی زەوی دێت.

## یەکەم/ ناوچەی چیایی/

کوردستان گەورە یەکێکە لەناوچەنەی رۆهەڵاتی ناوەراست کە بە زۆری بە ناوچەی چیایی ناسراوە. هەر بۆیە دەبینین زیاتر لە نیوەی ڕووبەری کوردستان بریتییە لە چیاکان، بەڵام بەپێی سەردەم چیایەکان تووشی داروخانی و داماڵینی زۆر هاتوون لە ئەنجامی ئەو سەرچاوە ئاویانەی لەو ناوچەیە بوونی هەیە بە تایبەت و پێچەك و زێیەکانی ڕووباری دیجلە و فورات کە بەشێکی ناوچەی چیاکانی راماڵیەوە لەسەر شێوەی بەرد و لم تاشابەرد روو نزمانەکاندا.

# تایبەتمەندییەکانی چیاکانی کوردستان

١- ئاراستەی چیایەکانی کوردستان هەمان ئاراستەی جولە زەوییەکانی وەرگرتووە و کە لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە تەنها چیای شەنگال و هەندێ چیای تری وەك زنجیرە چیای حەمرین ئاراستەکەیان لە ڕۆژهەڵات و بۆ ڕۆژئاواییە.

٢- بەرزایی چیایەکانی بە شێوەیەکی گشتی بەرزییان لەنێوان 500 مەتر تاکو 5000مەترە لەسەر ئاستی دەریا.

٣- ناڕوونی چینە تاوێرەکانی پێکهاتەی بەرز نزمی سەر رووی زەوی بەهۆی بەهێزی ئەو جوڵانەی چیاکانی دروست کردووە.

٤- سەختی چیایەکان لەرووی لوتکە و بڵندی و قەدپاڵەکانیان بە جۆرێ هەندێ ناوچەی ئەستەمە لە یەك جیا بکرێتەوە.

٥- کاریگەرییوونی چیایەکانی کوردستان بە هۆکارەکانی ڕاماڵینی ئاو و بەفر بەشێوەیەکی بەرچاوو.

٦- چیایەکانی کوردستان لە رووی بەرزییەوە زۆر جیاوازن

# جیاوازیی چیاکانی کوردستان لە ڕووی بەرزییەوە:

ا- چیایە هەرە بەرزەکان بەرزاییەیان 4000مەتر لەسەر ئاستی دەریا بەرزە .وەک چیاکانی:

ئارارات، وسیپان.

ب- چیایە بەرزەکان کە بەرزییان لەنێوان (3-4) هەزار مەترە. وەک چیاکانی:

قەرەداغ، بەردەڕەش، هەلگورد، قەندیل، تەندروک و مۆر

ج- چیایە مامناوەندەکان کە بەرزاییان لە 2000-تا 3000مەتر، وەک چیاکانی:

ئایدن، کوماتاحاسان، کاڤاکی، زیارەت، کونە کۆتر، پیرەمەگرون

د- چیا نزمەکان کە بەرزاییان لەنێوان 1000-2000م. وەک چیاکانی:

قەرەچە، زۆزک، بەمۆ،ئەزمر، گوێژە، قارەقاش و ڕامان

ت- چیایە زۆر نزمەکان کە بەرزییان لە 1000 مەتر. وەک چیاکانی:

لاوەند، تاسلوجە، یانارسو، تەق تەق، جودی، حەمرین

# ناوچەی بانەکان:

- ئەم ناوچەیە لە چوارچێوەی ناوچەی بەرزاییەکانی دادەنرێت لەرووی بەرزنزمییەوە بەڵام جیاوازە لەگەڵ ناوچە چیایەکاندا، لە چەند روویەکەوە وەك بەرزی و نەبوونی لووتکە و تەختایی بەشی سەرەوەی.

- بانەکانی کوردستان بایەخێکی ئابووری گەورەیان هەیە، چونکە هەندێکیان کراون بە ناوچەی دروستکردنی شارو شارۆچکە و ناوچەی کشتوکاڵ و ناوچەی لەوەڕاندنی ئاژەڵ

# گرنگترین بانەکانی کوردستان:

١- بانی بایەزید لە کوردستانی باکوور.

٢-بانی بەرزنجە لە کوردستانی باشوور.

٣-بانی پاسینلەر لە کوردستانی باکوور.

٤-بانی پشدەر لە کوردستانی باشوور.

٥-بانی پێنجوین لە کوردستانی باشوور.

٦-بانی چوارتا لە کوردستانی باشوور.

٧- بانی کەرکووک لە کوردستانی باشوو(ئەم بانە شاری کەرکوکی لەسەر دروستکراوە.

٨- بانی گواندە لە کوردستانی باشوور.

٩-بانی گەورە لە کوردستانی باشوور.

١٠- بانی مەلاتیە لە کوردستانی باکوور.

١١-بانی مەلازکیرت کوردستانی باکوور.

١٢-بانی موسڵ (ئەم بانە شاری موسڵی لەسەر دروستکراوە)

١٣- بانی مۆش دەکەوێتە کوردستانی باکوور.

# دەشتەکان:

- بەو جۆرە بەرز و نزمییانە دەوترێت کە بە پێی سەرچاوە زانستیەکان لە بنەڕەتدا خۆیان ناوچەی نزمی قۆقز بوونە، بەڵام هۆی پڕبوونیان بە کەرەستەی هەڵیگیراووی ڕووبارەکان و زێیەکان پربوونەتەوە. ڕێژەی ڕووبەری دەشتەکان لە کوردستاندا دەگاتە نزیکەی 15%

- گرنگترین دەشتەکانی کوردستان:

1 – دەشتەکانی ڕۆژهەڵات کە بریتین لە دەشتی ئەمیر ئاباد، دەشتی بێی جار، دەشتی تاڵ، دەشتی ساحیب، دەشتی شوی، دەشتی کامیادان، دەشتی مەریوان، دەشتی نێوان سەحنە و کرماشان، دەشتی ماهی دەشت، دەشتی ئیسلام ئاباد و کەرەند، دەشتی پاتاق حەسەروی،

2 – دەشتەکانی باشوور: کوردستانی باشوور چەند دەشتێکی پر بایەخ لەخۆدەگرێت دەتوانین بیانژمێرین لەوانە: دەشتی هەولێر و دەشتی قەراج و کەندێناوە و دەشتی پشدەر و بیتوێن و دەشتی شارەزوور و دەشتی سندی و دەشتی سلێمانی.

3 – دەشتەکانی باکوور: دەشتەکانی ئەم ناوچەی کوردستان لە چەند دەشتێك پێکدێن، لەوانە دەشتی ئغیدیر، دەشتی ماردین دەشتی ئورفە.

# سامانی ئاو لە کوردستان:

کوردستان یەکێکە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کە زۆر دەوڵەمەندە بە سامانی ئاو نەوەك تەنها سەبارەت بەناوەخۆیی کوردستان بەڵکو سەبارەت بە کۆی ناوچەکە بەشێوەیەك ساڵانە هەزاران تریلۆن مەتر سێ جا ئاویان دەبێت بەسەر عەمباری ئاوی کوردستان ئەوەی جێی سەرنجە بەشێکی زۆری ئەم ئاوە سوودی لێ وەرناگرێت بەڵکۆ لە ڕێگای ڕووبارەکانەوە دەرژێتە دەریا و دەریاچەکان،

سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان:

١- سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی:

ا- ڕووبارەکان

ب- دەریاچەکان

# ڕووبارەکان

کوردستان خاوەن چەندان ڕووبارە کە جیاوازن لە رووی قەبارە و لە رووی بڕی ئاوی روویشتوو بەشێوەیەکی گشتی ئێمە دەتوانین گرنگترین ڕووبارەکان بەم شێوەیە روون بکەینەوە:-

١- ڕووباری ئاراس

٢- ڕووباری دیجلە

٣- ڕووباری فوڕات

٤- ڕووباری قزل ئوزەن

١- ڕووباری ئاراس: ئەم ڕووبارە دەکەوێتە باکووری کوردستان، ئەم ڕووبارە نزیکەیی 920کم درێژە، مەودای رویشتنی بەناو خاکی کوردستان نزیکەی 435کم

٢- ڕووباری دیجلە/ ئەم ڕووبارە لە بەشی باکووری شاری ئامەد لە کوردستانی گەورە سەرچاوە دەگرێت، درێژی ئەم ڕووبارە 1900کم.

بە مەودایی زیاتر لە 600کم بە خاکی کوردستان دەڕوا

نزیکەی 450کم بە کوردستانی تورکیادا دەڕوات

نزیکەیی 150کم بە خاکی عراقدا دەڕوات

### ٣- ڕووباری فوڕات:

ڕووباری فورات لە ئەنجامی بە یەك گەیشتنی هەردوو زێ (قەرەسوو) و (مرادو) سەرچاوە دەگرێت ، ئەم دوو زێیە لە نزیك شاری (ئاڵازیك) بە یەك دەگەن فورات پێكدەهێنن. ڕووباری فورات بە درێژایی 647کم بە خاكی كوردستاندا دەڕوات.

### ٤- ڕووباری قزل ئوزەن:

ئەم ڕووبارە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان سەرچاوە دەگرێت بە چەندی ناوچەیەك تێپەر دەبێت بەردەوام دەبێت تا لە باشووری ڕەشت تێپەر دەبێت لە كۆتاییدا دەرژێتە ناو دەریاچەی قزوین.

# زێیەکانی تری کوردستان:

هەندێ زێی تر  هەن کە دەکەونە ناو سنووری کوردستانی گەورە وەك:

زێی بچووك و گەورە و دیالە عوزێم و خابور،

هەروەها زێی بەدلیس و بۆتان لە باکووری کوردستان. هەروەها زێی سیروان و جەغتور و تەتەهوولەئورمیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# دەریاچەکان

کوردستان بەوە دەناسرێت کۆمەڵێ باش دەریاچە لە خۆ دەگرێت لەوانە:-

دەریاچەی وان/ ئەم دەریاچەیە دەکەوێتە کوردستانی باکوور رووپێوەری نزیکەی 2765کم2 تێکرایی قوڵایی نزیکەی 100مەترە و لەرووی بەرزی لەسەر ئاستی دەریا نزیکەی 1120مەتر بەهۆی تایبەتمەندی بوونی بڕێکی زۆر خوێ لەناو ئاوی ئەم دەریایە هەیە، هیچ جۆرە زیندەوەرێکی تیایدا ناژیت.

دەریاچەی ورمیە / ئەم دەریاچەیە کەوتۆتە کوردستانی ئێران لەرۆژهەڵاتی شاری ڕەزاییە، پانی نزیکەی 50کم بۆیە دەتوانرێت بوترێت نزیکەی 6000کم2 تێکرایی قوڵایی لەنێوان 6 بۆ 10 مەترە.

دەریاچەی خەزەر /دەکەوێتە بەشی باکووری شاری ئامەد نزیکەی 1155 مەترە و بەرزە لە سەر ئاستی دەریا.

دەریاچەی زرێوار/ دەکەوێتە چوارچێوەی شاری سنە لە نزیك مەریوان درێژی 800 مەترە وپانی 200 مەترە و تێکرایی قولی نزیکەی 15 مەترە.

# سامانی ژێر زەوی:

دامەزراوەکانی تایبەتمەند لە بواری جیۆلۆجیای وڵاتانی ئەورووپا وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاکو ئێستا لە کنەو پشکینین بوونە بە مەبەستی زانینی جۆرو قەبارەی کانزاکان و سامانی سروشتی ژێرخاکی کوردستان. بۆیە دوای پشکنین بەو ڕاستییە گەیشتن کەوا کوردستان زۆر دەوڵەمەندە بە جۆرەها سامانی سروشتی لەوانە:

کانزاکان(نەوت و گاز):

گرنگترین سامانی ژێر زەوی کوردستان بریتییە لە نەوت بە پێی داتا و زانیارییەکانی کۆمپانیەکانی ئەم بوارە دەردەخن کوردستانی گەورە نزیکەی خاوەنی 2600ملیۆن تەن نەوتی خاوە کە دەگاتە نزیکەی 8% کۆی نەوتی هەموو جیهان.

# گرنگترین ناوچە نەوتیەکانی کوردستان

١- شاری کەرکورك و دهۆك لە کوردستانی عێراق.

٢- لەناوچەی شاە ئابادی شاری کرماشان لە کوردستانی ئێران

٣- لە ناوچەی سیرت لە کوردستانی تورکیا

٤- لە ناوچەی جەزیرە لە کوردستانی سووریا.

ئەو ناوچەی بەشێوەیەکی بازرگانی نەوتی لێ دۆزراوەتەوە و دەرهێنراوە دەکەوێتە شاری کەرکوك بە جۆرێك لە سییەکانی سەدەی رابردووە نەوت لەم ناوچەیە دەردەهێنرێت بەپێی لێکۆلینەوەکان نەوتی کوردستان لە رووی جۆری و بڕەوە بە باشترین نەوت دەدانرێت.

# کانزاکانی کوردستان

سەبارەت بە کانزاکانی تر لە کوردستانی گەورە لە زۆر ناوچەی بوونی هەیە :

باکوری کوردستان.

ئاسن لە دیورك و ئیرگان هەیە، هەروەها و کانزای مس لە ئامەد گۆگرد و زێر لە ناوچەی گاباندا هەیە.

ڕۆژهەلاتی کوردستان. مس لە سنە و قورقوشم لە ماکۆ و کرماشان

- بوونی خەلوزی بەردین لە زۆر لە شارەکانی کوردستاندا.

# ئاووهەوای کوردستانی گەورە

سەرەتای تۆمارکردنی رەگەزەکانی ئاووهەوا بۆ سەرەتای سەدەی بیست دەگەڕێتەوە

مێژووی دانانی یەکەم وویستگەی کەشناسی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە لەهەریەک لە شارەکانی دیاربکر و گازی عەنتاب و ئورفە و سێرت و لەسەنتەری شاری ماردین دامەزرا،

هەڵبەت ئەم وویستگانە تایبەت بوون بە پێوانەکردنی هەموو رەگەزەکانی ئاووهەوا وەک (پلەی گەرمی، باران بارین، با، تەم، پاڵەپەستۆی هەوا......هتد).

# کەموکورتییەکانی وێستگەکانی کەشناسیی کوردستان

1–نەبوونی کەسی شارەزا تایبەت لە بواری کەشناسی

2–تایبەتمەندی ویستگەکان لەوەی تەنها دۆخی یەک رەگەز تۆمار بکات وەک پلەی گەرمی یاخود باران.

3– نارێکی دابەشبونی شوێنی ویستگەکانی کەشناسی.

4–تێکچوون و لەکارکەوتنی هەندێ لە ئامێر و ئامرازەکانی پێوانەکردنی رەگەزەکانی ئاووهەوا.

5–کەمی ژمارەی وویستگەکان بەبەراوورد بە گەورەیی رووپێوی خاکی کوردستانی گەورە.

6–بونی وویستگەکانی ئاووهەوا تەنها لەسەنتەری شارەکان بەدەر لە بونی لە ناحیە و گوندەکان .

8–ناسەقامگیری बارودۆخی سیاسی و ئەمنی ناوچەکانی کوردستان.

# فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر ئاووهەوایی کوردستان

1–شوێنی ئەسترۆنۆمی

**2– شوێن بە پێی ئاو و وشکانی:**

3– بەرزی ونزمی (شێوەکانی رووی زەوی )

# ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە کوردستان

## پلەی گەرمی

تێکرای پلەی گەرمی لە کوردستان بە پێی وەرزەکان جیاوازدەبن، هەروەها بە پێی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیش جیاواز دەبن بێگومان هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵێ هۆکاری پێویست کە بریتین لە :-

1-گۆشەی کەوتنی تیشکی رۆژ

2-مەودای رۆژ و مەودای وەرزەکانی ساڵ

3-بەرزی و نزمی و کاریگەریەکانی

4-جیاوازی ڕادەی شێ

5-کاریگەری هۆکارە لۆکاڵیەکان

# باران

ئەوەی پێویستە بە رادەی باران بارین لە کوردستانی گەورە بە شێوەیەکی گشتی تێکرای ساڵانەی لە (600) ملم زیاتر دەبارێت گومانی تێدا نییە هۆکاری سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ هاتنی نەورایە کەشیەکان لە دەریای سپی ناوەراست بەرەو ناوچەکانی کوردستان.

باران بارین بە پێی شوێنی جوگرافی هەموو وێستگەکانی کوردستان باران تۆماردەکەن بۆنمونە لە کوردستانی باکور (750)ملم تێکرای باران بارین تۆماردەکات لە وەرزی زستان بەڵام کوردستانی باشور نزیکەی (600) ملم باران و لە کوردستانی ڕۆژئاوا (350) ملم و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (400) ملم باران تۆماردەکات.

# بنەما مرۆییەکانی جوگرافیی کوردستان: دانیشتوان

پێکهاتەی تەمەن

پێکهاتەی ڕەگەز

پێکهاتەی نەتەوەیی

پێکهاتەی ئاینیی

پێکهاتەی ژینگەیی

# ئابوری دانیشتوانی کوردستان:

کشتوکاڵ:

یەکی لە لایەنە ئابوورییە گرنگەکانی ژیانی دانیشتوانی کوردستان بریتیە لەکشتوکاڵ بەجۆری نزیکەی 40% کۆی بەرهەمی نیشتمانی پێکدەهێنت بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەموو تایبەتمەندیە بەهێزانەی کوردستان پێ دەناسرێت لەرووی ئاووهەوا وخاک وسامانی ئاو دەستیکاری شارەزا کەهەموویان بەسەر یەکەوە زور گرنگن بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی.بڕیکی زۆری بەرهەم هێنانی کشتووکاڵیەکان لەکوردستان رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت بەهەردووجۆری ئاژەڵی ورووەکیەوە. گرنگترین ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی لەکوردستان بەرهەم دەهێنرێت بریتیە لە(دانەویلەکان،توتن،سەوزەوات،میوەجات،سپیایی،ئاژەڵ

# چالاکی پیشەسازی:

ئەوپیشەسازیانەی لە کوردستان بونیان هەیە خاوەن چەند تایبەمەندییەکن وەك:

1-بچووکی قەبارەی دامەزراوە پیشەسازییەکان

2-نەبوونی هەمەرەنگی لەبەرهەمی پیشەسازییەکان.

3-خراپی وکۆنی ودواکەوتووی ئامرازەکانی بەرهەمهینان

4-کەمی رێژەی دەستی کار لەچالاکی پیشەسازی.

5-کۆکردنەوەی هەموو پیشەسازییەکان لەناو شارە گەورەکان.

# چالاکی گەشتوگوزار

گرنگترین جۆرەکانی گەشت و گوزار لە کوردستان:

گەشتوگوزاری ئاینی

گەشتوگوزاری ژینگەیی

گەشتوگوزاری کولتووری

گەشتوگوزاری ڕامیاری

گەشتوگوزاری شوێنەواری

گەشتوگوزاری ئاوی

گەشتوگوزاری چارەسەری

گەشتوگوزاری سەرکێشی